# خوێندکارانی مانگرتوو، پێویستیان بە هاوپشتی تێکڕای خوێندکارانو جەماوەری کوردستانە!

مانگرتنو خۆپیشاندانی خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی، لە پێنجەمین هەفتەی خۆیدا لەڕۆژی 4/3دا بە خۆپیشاندانێکی تری شکۆدار لە بەردەم سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی سلێمانیدا، جاریکی تر نیشانیان دایەوە تا بەدەستهێنانی خواستەکانیان درێژە بدەن بە خەباتی یەکگرتوانەی خۆیان، کە لەدەوری خواستی سەرەکی داخستنی زانکۆی ئایندە و چەند داواکارییەکی تر لە پەیوەند بە باشترکردنی هەلومەرجی خوێندنەوە، تەوەرەی بەستوە.

زانکۆی ئایندە لە سایەی دەسەلاتو دەستورێکی مەدەنیدا، کە بە زەڕڕەیەك لە هەوڵی گەشەی زانستو بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندندا بوایە، ڕاستەوخۆ بەبێ ئەوەی خوێندکاران پێویست بکات ناڕەزایەتی دەربڕن، زانکۆکەی دادەخستو تەنانەت بەرپرسانی زانکۆو خاوەنی ئەم کۆمپانیایەشی دادگایی دەکرد، لەبەر هۆیەکی زۆر سادە ئەویش نەبونی هیچ بنەماو پێوانەیەکی زانستیەیە لە کردنەوەو قبولکردنی خوێندکارانداو بەم پێیەش گاڵتە کردن بە زانستو ستانداردی زانستیو ریسواکردنیەتی، لە ڕێگای فرۆشتنی ستاندارده زانستیەکان بە پارە، بەکورتی فرۆشتنی بڕوانامەکانە بە خوێندکارێك کە خێزانەکەی خاوەن پارەیە، کۆلێجی پزیشکی ساڵی بە 30 وەرقەو ئەندازیاری ساڵی بە 16 وەرقەو....تاد.

خوێندکارە مانگرتوەکانی زانکۆی سلێمانی کە ئێستا شەو و ڕۆژ لە بەردەم سەرۆکایەتی وەزیراندا کۆبونەتەوەو بڕیاریان داوە تاوەکو جێبەجێبونی خواستەکانیان بەم شێوەیە لە ناڕەزایەتی دەربڕین بەردەوام بن، پیش هەر شتێك پێویستیان بە رێکخراوبونی خۆیانە، ڕیکخراویك کە بتوانیت، بەرگری بکات لەمافەکانی خوێندکارانو مافە مەدەنیو سیاسیو فەردییەکانیان، ڕیکخراوێك کە چاودیر بیت بەسەر ستاندارده زانستیەکانو هەر ڕیکەوتنێك کە ممکنە بکرێت لەگەڵ دەسەڵاتداراندا. لە هەمانکاتدا، پێویستە خوێندکاران دەستوبرد لیژنەکانی داوای هاوپشتی خۆیان پێك بهێننو پەیوەندی بکەن بە تەواوی کۆلیجو پەیمانگاکانەوەو هەوڵ بدەن هاوپشتی جەماوەری شاری سلیمانیو شارەکانی تری کوردستان بەدەست بهێنن بەتایبەت کە هەلومەرجی سیاسی کوردستانو عێراق، بەخێرایی لە ئاڵوگۆڕدایەو بەم پێیەش مانگرتنو ناڕەزایەتیەکەیان دەکەوێتە هەلومەرجێکی تازەوە، بۆیە لەمبارەوە پێویستیان بە جولانەوەو چالاکی دەستوبرد هەیە، قەتیس مانەوەی ئەم ناڕەزایەتیانە لە چەند کولێجێکدا، زەرەرمەندە بۆ بزوتنەوەکە، بەتایبەت کە خواستەکانی خوێندکاران لەلایەن زۆربەی خەڵکی کوردستانەوە جێگای پشتیوانیە، بەڵام ئەوەی کە تائێستا ئەم هاوپشتیو پشتیوانییەی خەڵکی کوردستان بەشێوەیەکی عەمەلیو بەرچاو خۆی نمایش نەکردوە، دەگرێتەوە بۆ قەتیس مانەوەی ئەم بزوتنەوەیە لە چوارچێوەیەکی بەرتەسكو سنفیدا.

کۆمیتەی ڕابەری ڕیکخراوی کوردستانی حیزب، هاوپشتی بێدریغی خۆی بۆ خوێندکارانی زانکۆی سلێمانی ڕادەگەیەنێتو لە هەمانکاتدا داوا لە تەواوی زانکۆکانی تری کوردستانو خوێندکارانی کۆلێجەکانی تر لە زانکۆی سلێمانیو پەیمانگاکان دەکات کە پەیوەست بن بەریزی مانگرتوانەوەو بانگەوازی خەڵکی کوردستان دەکات، کە هاوپشتی لە ڕۆلەکانی خۆیان بکەن، بە هەر شێوەیەك کە بۆیان گونجاوە. هەروەها داوا لە ڕیکخراوەکانی لاوانو خوێندکاران و لایەنە چەپوئینسان دۆستو کرێکاریو ڕێکخراوەکانی ژنان دەکەین لە جیهاندا، کە هاوپشتی خۆیان بۆ ئەم بزوتنەوەیە ڕابگەیەنن.

سەرکەوتوبێت خەباتی ڕەوای خوێندکاران

**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**
**کۆمیتەی ڕابەریی ڕیکخراوی کوردستان**
2005/4/4